کۆمان کۆلان گۆڤارەوە – 71 – ... کەریم کاکە

عەلی عاشق دڕەنگ لە گەلی عەلی بەگ دەنگیدایەوە.
وەستا رەجەب ئەیگۆ: خەرەندێ خۆ بە تەرمێ لەشکری ڕۆم و عەجەم پڕ ئەکەینێ.

71 …

بە گوێرەی ڕۆژمێری نەورۆز بێ، هێشتا دوو حەفتەیەکمان لە بەهار ماوە، بابم ساقێ درۆژەکەی فڕێنەداوە، بەڵام من دەمێکە بە تۆی کراسێکەوە دەگەڕێم، بابم گوتی:
کۆم ئەوێ سارد، بە جلکی هاوینییەوە ناتبەم..
لە قسەی دەرنەچووم و بە ڕێکەوتین، بیرمە لە پێچەکانی پیرمامێ، بەر لە گەیشتن بە لێفەی کەریم حەشاش، هەرچی سەرنشینە ورد ورد کەوتنە وەرد خوێندن، منیش چاوم لێیان کرد، ئەو تامپێنانەی کە لەو جێیە کرابوون و من بیستبوومن، یەك یەك هاتنەوە بەر چاوم، تەواوێك ترسام، دەرفەت نەبوو، دەنا خۆم دەخستە بن ساقکەی بابم، سەرکەوتین و شۆبووینەوە، لەو ڕێیە تا شەقاوەم دیتووە.
پیاوەکەی لە پێشە من دانیشتووە بە دەنگی بڵند بێ پیاوەکەی تەنیشتە خۆی قسان دەکات، هەر من نا، هەستدەکەم بابیشم تامەزرۆی قسەکانیەتی و هەناسەی لە خۆ بڕیوە، دەگەینە هەر ئاواییەك و هەر چیایەك ، هەر دێێك دەردەکەوێت، ئەو پیاوە ناویان دەێ:
ئەوە کێێ، ئەتە شەقاوە، ئەوەیان سەفینە، ئەوەهێ چیای هەورێیە، ئەها چیای بەنی هەریرە و هەریریش لە بنی، ئەها کێێك سەری گەیشتەتە ئاسمانێ، لەرهێوە دێێی بالیسانە دەچێتەوە… ئەو چیایە دەبینن سپی دەچێتەوە؟ ئەوە چیای…
لە زاری پیرۆژنە بسك سەرەکەوە ناوی کابرام زانی:
عەلی گەیدە، دەێی لەو گوندانە دەرزەت کردووە، وا شارەزای.
کابرا بە پێکەنینەوە دەێ:
چما لێرەش لەگەمی! پیرۆژن لەبیرت کرد، ئەو ساڵەی تەم هەگرت، ئەو ناوەمان هەموو کرد!
بسکسەر: هەی لە دەوت ریم عەلی گەیدەی داك بە دووکەتی.
ئەو دووە پێدەچوو تەمەنێك بێ یەکتر بناسن و لە گاڵتەش هێندە لێکدی نزیکبن، دەستنوژیان لە ئێکدی نەشکێ، عەلی گەیدە لەگەڵ ناوهێنانی جێیەکانیش جاروبار کورتە سەرهاتکیشی دەگێڕایەوە:

ئەها، لەو ملەیە، سێ فیشەکیان بە کاوەزاغاوە نا، بەڕام بەر نەکەوت.
لەو سەرە ڕێیە، ڕێگر ڕێیان لە حەسەن سیساوە گرت و ڕووتیان کرد و حەیرانیشیان پێگەت.
ساڵەکی لە دەو زێی بادینان- ئەها، ئەو ڕێیە دەتباتەوە سەر زێ- بەرازێك هێندەی هێسترێك ڕوو بە ڕوو بەم هات، تفەنگم لە شانە، بەڕام سام گرتی بووم و دەستم بە خەمدا شۆکردەوە، خودا خێری بەراز بنووسێ، زگی پڕمسووتا، سەرکی ڕاوەشاند، وەك ئەوەی سڵاو بکات، بە ڕێی خۆیدا ڕۆیشت.
لەو پڕچە بسووتێنەوە، ئامکانە، جێی ژنهێگر و پیاوکوژانە.
لە سەر ئەو قسەیە پیاوێك لێی هاتە دەنگ:
کوڕە کابرا، لێ وا بە پڕخواسی بە ناو کەوتی؟ ئامکان جێی مەرخاس و عەگیدانە.
لەوەبوو پیس تێکبگیرێن، بابم و بسکسەر کەوتنە نێوانیان، ناوبژییان کردن و ساردبوونەوە. عەلی گەیدە واز لە ئامکان ناهێنێ، سەربردەی قورئانەکەی گێاوە کە من پێشترێ لە پیاوەکەی دەو زێ بیستبووم، گەیدە لەو سەری تووەیوونەوە، بە لای پێکەنیندا بایدایەوە و گوتی:
لە سەرانسەری وڵاتێ، یەك قورئان هەبوو، ئەویش لە نزیك ئامکان چێڵە سەری پلکە فاتێ، لەگەڵ پووش و پەڵاش لوولی دا و قووتی دا، بێ سوێندیش پەرەکی نەهێشتەوە، تا ئێستاش خەڵکی ئەو ئاقارە کاتێ سوێند دەخۆن دەڵێن: بە قورئانی ناو زگی چێڵە سەرێ، خێ ناڵێن ئەوەش درۆیە؟!
کەس قسەی نەکرد، بسکسەریش نەیگوت درۆیە.
بڵێ، هەوراز و نشێومان زەر بێی، لە بێندبوونەوەیەك لە دوورەوە دوندێك لە شێوەی ملە گا دەرکەوت، عەلی گەیدە گوتی:
سەرکەوە سەر ئەو دوندە هەرچی چیای دنیا هەیە، لێتەوە دیارە.
لە شێبوونەوەیەك ئاواییەك دەرکەوت، خەلیفانی دەڵێن، پێشترێ بە بیستنی ئەو ناوە نازانم بێ بیرم بێ کێی خەلیفە و دەروێشان دەچوو، بێیە لەوێ چاوەڕێبووم بە دەف و شیر و پرچکردنەوە بێنە سەر ڕێ و بە دەوری ترومبێلدا (هەلقەی زیکر) ببەستن، گەیشتین و خەلیفەیەك چیە دیار نیە، لە هیکڵا ڕەوەیەك ڕەشەوڵاخ بە جادە وەربوون، زرم، زرمەیەك دەتگوت شاخ ڕووخا، هەژانێك لە بوومەلەرزە دەچوو، هەموو کەوتنە ناو باوەش و سەر پشتی یەکتر، (یا ئەڵڵا یا ئەلڵا) لە چیاکان دەنگیدایەوە، خەمم لە بن لچکی ساقکەی بابم دیتەوە، هەست لە خێ ڕادەگرم، چ جەم نایەشێ، بابیشم دەڵێ: چ نیە، چ نیە..

دنیابووم ساقی بابم دەمپارێز، لە کێتەر و جاشانی پاراستووم، لە ترومبێل نامپارێز! بۆیە لە چاو زرمە و لەرزەکە چی وا نەترسام، هەموو ساغ و قیتن، کەس کەپووشی خونی لێنەهات، دابەزیین، چ ببینم باشە! بەر لە هەر جێیەکی چاوم کەوتە سەر گوانی، گوانی وا گەورەم نەدیتبوو، لە گوانی چێە شینی گرینیش گەورەتر، لە چواران دوو گێی لە منەوە دیاربوون، لە لوقمی درێژی لوولەیی دەچوون، چێە سپی لاتێ عەردی گرتووە، لەگەڵ سەر جوولاندن، قڕچکی دەلەقێ، پێدەچێ لە بنەوە شکابێ، لە زار و کەپوویەوە خونن دێ، گوملێیە:
مردارەبێتەوە، سەریبڕن.
پیاوێکی خاکەڕەی جەمەدانی خێی کاو بە گوێینگ، کێردێکی لە دەستە نیوە شیرێکە، سواری سەری چێە سپی بوو، کێردی بە ملدا هێنا، وەك بێی کانیی خونن لە ناو جادە تەقیبێتەوە وابوو، خونن جێگەلەی بەست.
بیرمە لە ساتی سەربڕین بە هەردوو دەست چاومم گرت، بەڵام لە کەڵنی پەنجەوە دیمەنەکەم دیت، دیمەنێکی بەسام، پیاوە کێرد بەستەکە لە جێی چێەکە با، هەر هێندە تکدەچووم، لەو تەمەنە سەربڕینی چێ چی لە سەربڕینی مڕاڤ کەمتر نەبوو، هەرچەندە هی مڕۆڤم نەدیتبوو، بەڵام گریانی ژنەکە جیاوازیی نێوان چێ و مڕاڤی کالکردەوە، چاوەنێ، ژنێکی شینپێش بە سینگکوتان و دەست هەڵشەقاندن گەیشت، خێی بە سەر کەلەش دادا، سەری بە زگیەوە ناوە و گوانی ماچ دەکات، شیوەنێکی گڕا، چ ژنێ لە سەر تەرمی خوشکی شینی وای نەگڕاوە، ژنە سەردوولکەی بە سەر چێەکەیدا دەگێ، بە (خوشکان)یش ناو دەهێنا، من پاشترێ پێکەوتم چێ هەیە، وەك مڕاڤ ناوی هەیە، ئەوەیان ناوی خوشکان بوو.
دیتم ژنە شینپێشەکە سەری بڕاوی خوشکانی بە سینگی خێیەوە نا، خێی لە خونن هەڵنا، ئەها دەستی پاڕانەوەی بێ ئاسمان بڕند کرد:
ئەوەی تێی وا لێکرد، وەك تێی لێبێ.
پیاوێکی کەڵەگەتی چوارشانە دەڵێ:
خوشکم، وا مەڵێ، بێت دەبژێرم، زار هەڵێنە، چەندت دەوێ دەتدەمێ.
ژنی شینپێشی لە خونن هەکێشراو بە گریانەوە:
گوو بە بژاردنت، بە بەك و پارەت، من خوشکانی خێم دەوێتەوە.
باشە ئەو پیاوە کێیە و بۆچی خونی چێە سپی دەدا، ئەدی لە سەر شوفێرەکە نیە؟ تاهوو واهـ! دڕشاو بە گونم لەو جێیە بێ ئاوە، لەو ساتە هەوکم وشك ببوو لە تینوێتی، ئێ، بزانن رووداوەکە کوو بووە:
کابرای چوار شانە شوفێری ئەو قەلابەیەیە کە لەدەو جادەکە راوەستاوە، رووە و ئێمە دێ، کاتێ گاگەل دێتە پێشی خێی

پەناگیرەتەوە، خۆ بە خوشکاندا دەدا چەند تەقلەیەکی پڵدەدا، لە دوا تەقلە بە ترومبێلەکەی ئەمە دەکەوێ، ئەوەتا لایەکی، لای پشتی کەمك قۆپاوە..
ژنەی شینپشی خوێناوی لە شین ناکەوێ، پیاوێ دێ بە خەکەکە دەدا، پیلی ژنە دەگرێ و رایدەکشێ و دەڵێ:
دادە، ئەو شینە چیە؟ خۆ خوشکانە، خوشکت نیە.
دووریخستەوە، ئەوەشم لەبیرە، پیاوێك دەیگوتە بکوژی خوشکان:
تا بەشە خۆری خۆت نەبەیت، نایەیت.
ئەمە سواربووینەوە و وەکەوتین، بسکسێر دەڵتە عەلی گەیدە:
چیدی زمانت نەگەڵ، با تووشی بەڵایەکیدی نەبین.
بەڵام گەیدە گوێی نادات، ئای، ئەرە بە سامە، چیا و دڵ لەرەوە سامی خۆیان نیشان دا، ترسم لێنیشت، ئەوەتا وا بە قوڕگی زەویدا دەچینە خوارێ، خوایە، ئەرە کوێیە، تا کوێ شڵدەبینەوە، سەر لە جامی جۆب دەردەهێنم، ئاسمان هێندەی ئەو دووکەڵەی لێ ماوەتەوە کە فڕکەی قوونبەدووکەڵ لە دوای خۆی بەجێدەهێشت، هێشتا شڵدەبینەوە! زوو زوو تەماشای ساقکەی بابم دەکەم، دامناوە شتێك بقەومێ خۆم بهاومە بنی، قورسایی ترس نیشتووە لە سەرم، هەناسەبڕکەمە، دڵم هەزارە دەکات، شاخی هەزار بەهەزاری وام لە چ جێ نەدیتووە، نە لە تەلەقزیۆنێ، نە لە خەونێ، نە لە قسەکانی مام تۆفیقی جەبوانەوە ئەوەی لە سیپانێ هەڵدڕا، ئەرە هەبێ نەبێ جێیەکە لە جێیەکانی ناو هەقایەتەکانی هەقایەتبێژەکەی سەیداوە، لەوێ جێی وا هەیە..
لە بنەوە، لە لای خوارەوە رووبارێکی تیرە ماری بە بن ئەو ئاسمانە باریکەدا نازانم رووە لە کام لا دەڕوا، لەجێیەك راوەستاین وەك بڵێی نێوان زەوی و ئاسمان بۆت، ئەرە رێی یەك ترومبێلی هەیە، رێیشتن و هاتن بە نەرەیە، نەرەمان هات و لە رێی باریك دەرچووین، ئاهەکم هاتەوە بەر و گەڵامەوە کن قسەکانی عەلی گەیدە، حەیف لە دوادوایی سەربردەی دوو عەلیەکە سام بەری دام و هاتمەوە ناو ترومبێلەکە، ئەوەتا باس لە عەلی بەگ و عەلی سەودا دەکات، سەودایەکە لە دەو جادە دانیشتبوو، بەڵام من نەمدیت:
ئەو پیاوەی دیتتان، عەلی ناوە، شۆت و سەودایە، کچێك بەو دەردەی برد، حەزیلێکرد و نەیانداێ، لە داخا سەری خۆی هەگرت، وازی لە دنیا هێنا، پەنای بێ گەلی عەلی بەگ هێنا، ئەوتا لێرە تەمەن بە سەر دەبا..
درەنگ، زۆر درەنگ ئەو دڵوانەیە ناوی بە عەلی عاشق لە گەلی عەلی بەگ دەنگی دایەوە و ئەویندار نەما نەیبیستێ…
عەلی گەیدە لە بارەی عەلی بەگەوە گوتی:

عەلی بەگ میری ئەزدیان بوو، لەگەڵ پاشای کەرە بەگژ یەکدا چوون، شەڕ کەوتە ئەو (گەلی)یە، عەلی گەلەك ئازا بوو، خوا لێی نەهێنا و لە شەڕ شکا، بەڵام هەڵنەهات و شەڕی کرد، بە دەستی سوارانی پاشای کەرە کوژرا، ئیدی ئەو گەلیە بە ناوی ویەوە ناو نرا.
لە سەرهاتی زاری ئەو عەلیەوە نازانم بڵچی سێزم بێ عەلی بەگی میری ئەزیدیان جوولا- دیارە لە ڕێی ئیزدیەکەی گێرینەوە من ئیزیدیم خۆشدەویستن- و ڕقم لە پاشای کەرە بۆوە، دواتر لە خوێندنەوەی کتێبە دێرکیەکانیش چەندی کردم و کۆشام پاشای ڕەواندزم خۆشنەویست.
بیرمە پیاوەکەی تەنیشت عەلی گەیدە کە لە شارەوە تا ئێرە ورتەیەکی لێوە نەهاتبوو گوتی:
گەلی عەلی بەگ نابێ بێ عەلی بێ..
بسکسێری نەیاری عەلی گەیدەش گوتی:
عەلی، تۆش بە دەردی عەلی بەگ بچی.
بیرم نیە عەلی گەیدە چۆن باگی داوە، بەڵام حەزدەکەم گوتبێتی:
عەلی بەگ نا، عەلی سەودا بێ.
ئەمن پاشترێ لە شێوەی دوو عەلیەکەی حاجی قادر(دوو عەلین شاعیر وەکو حەسسان..) شتێکی وام لە دەفتەرە شەستپەیەکەی خۆم نووسیبوو:
گەلی دوو عەلی تێدایە
یەکیان بەگ و یەك سەودایە
ئیدی بە عەلی گەیدەوە لە گەلی عەلی بەگ، تێ بگەم لە ناو زگی زەوی، یان حەزیا دەرچووین و عەلیە سەودایەکەمان بەجێهێشت.
لە چوونە دەرێ چ ببینم، ریزە شاخێ بە ئاسمانەوە، چما زەوی شاخی وا بێند و سەرکەشی هەیە! عەلی گەیدە یەك یەك ناوی چیا و دێ و ئاوایەکانی دەگێ، لە ناو ناوان (حەسەن بەگ)ەکە لە خۆوە بێ من بووە پرسیار، چەند جارێ هاتە سەرم بڵێمە بابم کە بە گەیدەکە بڵێ، داخوا حەسەن بەگیش وەك عەلی بەگ بە فیتی پاشا کوژراوە؟ نازانم بڵچی نەمپرسی.
گەیدە ئەوەشی گێت:
لەو حەسەن بەگە، ساڵێ تەلەزمە ئاسنێ لە ئاسمانەوە هات، پێی پێشمەرگەیەکی لە بنەوە برد و کەس نەیدیتەوە، ئێستاش پێشمەرگە یەك پێیەکە بە دوای پێی فێیویدا دەگەڕێ..
لە زگی زەوی تەواو هاتینە دەرێ و تەواوێك دوورکەوتینەوە، چیاکان جوانتر دەرکەوتن، تەماشادەکەم دیوی نسێ، جێ جێ پەلەی سپیان پێوە، بابم گێتی:
کۆم، نەمگێت ئێرە سارده، ئەها چیا بەفری پێوە ماوە.
دیتنی بەفر لەو دەمەی ساڵ بێ من زۆر تازە بوو، لە دیمەنی چیاوچۆل

و گەلی عەلی بەگ تازەتر، زۆری نەبرد گەیشتینە ئاوایيەك، عەلی گەیدە کە لە شارەوە هەر خۆی قسە دەکات و نەیهێشت کەس زار بکاتەوە، رێینەدا بسکسۆریش دوو قسە بە دڵی خۆی بکات، گوتی:
ئەوەش دیانە، دیانەی دیانان، سەردەمەکی لێرە بێ دەرمانیش موسڵمانەك دەستنەدەکەوت.
بسك سۆر، مستەکی لە سینگی خۆی دا:
ئەی لە هەشت نەم، لەوەتەی دنیا هەیە، بوسرمان لە دیانە هەن.
بەدەم پێکەنینەوە هەموو دابەزیین، ئێخەیش گەیشتین، پێم گۆد بووە.
بابم پرسیاری ماڵی (عەلی)یەکەی برادەری کرد، من بێ جیاکردنەوە لە سێ چوار عەلیەکەیدی، قەردارێکی پێوە دەنەم، عەلی گەیدە دیاربوو دەیناسی، گوتی:
بە دوایدا مەگەێ، لێرە نەماوە.
ئەوە خۆشە! ئەمە ئەو هەموو رێیەمان بۆی بێ دیداری عەلی قەردار، ئەویش... ئێ، لە عەلی گەیدە و بسکسۆر و ئەوانیدی دابڕاین، پرسیار پرسیار، پیاوێك گوتی:
پێش پێی تێ لێرە بوو.
ماڵەکەشی نیشانداین، لە دڵی خۆم گوتم، کەواتە قسەکانی عەلی گەیدە هەمووی درۆ بوون، دەمە دەمی نیوەڕۆیە، زگم قوڕەی دێ لە برسان، خوایە شیوێکی خۆشیان هەبێ.
خانووێك رووی لە چیایە، جا چ خانووێکی دیانە هەیە رووی لە چیا نەبێ!
+ عەلی لە ماڵێیە؟
– لە ماڵێ نیە.
ژنێکی رووخۆشی زار شەکر، فەرمووی لێکردین، بابم خۆی ناساند، گوتی:
تێکەوڵکەیەکم لەگەڵی هەیە، بێیە هاتمە سەردانی.
ژنە بە دەم پێکەنینەوە:
دەزانم، قەردارتە، تووشی کێشەیەك بوو، ساڵێك پتر ئێرەی جێهێشت، حەفتەیەك نابێت هاتۆتەوە.
عەلی گەیدە دەڵێی درۆی نەکرد!
ژنە کێشەی مێردەکەی باس نەکرد، لە بەر بۆرایی رووە لە چیا دانیشتین، چایە و ژاژی پەنیر و ئەو شتانەی هێنا، گەلەك خۆش بوو، کەوتینە سەری، رەنگە هێندەی هەمزە پاڵەوانم خواردبێ، باپیرم راستی فەرموو:
بە دیار چیاوە نان پتر دەخورێ.
ئێ، پیاوە قەردارەکە پێش پێی ئێمە دەرچووە، چۆتە کوێ؟ رەواندزی پاشای کێرە، بابم ناونیشانەکەی وەرگرت و هەستاین و هەیپەمان

لێکرد، وا تێگەیشتم نزیکە و بە پێیان دەچین.. لە پشتەوەی پیکابێکی گەورە سواربووین، ئەو ترومبێلە لەگەڵ ئەویدی وەك حەوشە و دوو ژار وابوون، لە ناو جێبەکە لە جامەوە شتێك لە دەرم دەدی، بەڵام لێرە دنیا لە بەر چاومە، لێرە زەوی و ئاسمان وەك خێیان دیارن، خەزی گەیدەکەمان لەگەڵ دەبوو، کەس نیە ناوڕ جێیەکمان پێبێ، بابیشم ناوەکان نازانێ.
باژێ، بە هەر چوار لادا دەڕوانم، جێ جێ چاوم دەخەمە سەر چیاوچێل، گەلی و شیو و دۆڵ، کەند و لەند، دار و بەرد، بە چاوی من چاودەنێ، بەو دەمەو هاوینەی چیا، دنیا چەند رەنگینە، جێ جێ سپی، قانگ قانگ کەسك، ئەویدی زەرد، چەمەکەی خوارەش رەنگی ئاسمانی گرتووە.
ڕێگاکە خەش نیە، ناوە ناوە دەگاتە تاسەی وا، بستێ دوو بەند دەبین و بە ئاسنی رەق دەکەوینەوە، بابم زوو زوو دەڵێ:
توند خێت بگرە، نەکەوی.
پێ پێ، تێ بڕێ گوریس گوریس بەرزدەبینەوە، هەستدەکەم نیو ئاسمانێك لە زەوی دوورکەوتووینەتەوە، تەماشای سەرەش دەکەم، هێشتا نیو ئاسمانێ ماوە بگەینە شانی چیا، تێ بڕێی جێی پاشای گەورە هێندە بەند بێ، یان من سەرم گێژ دەخوات و دنیا وا بەند دێتە بەر چاوم! تێنەگەیشتم.. لەوە گەڵێ، ئێستا من لەگەڵ سرووشت تێکەڵ بووم، کەوتوومەتە دنیایەك، پێشترێ نەمدیتبوو، دنیایەك شاگەشکەم دەکات و وا خەریکە دەبمە کێترە شینکەیەك لە پشتی پیکابەوە هەڵدەفڕمە ناو سرووشت، لە سەر فڕین بووم، دیمەنێك خەشیەکانی پێهێنامەوە، لە شاگەشکەییەوە هاتمە دڵخی گەشکەگرتن، دەستم بێ لچکی ساقکەی بابم برد، هێندەی نەمابوو بزیڵێنم، ئەوە چیە خوایە! لە تەنیشتمان دڵو دەوی کردەوە، سوێندتان بێ دەخێم دڵوە، دڵوی ناو هەقایەتەکانی هەقایەتبێژ، ئەوەتا لێرەیە، دڵوەکەی ئەو دەناسمەوە، دەیگێت:
کاتێ زاری هەڵدەپچڕێ، چیای سەفینی پڕوە دەچێ.
وایە، ئەوەتا لە پێش چاومە، ئەو چیایەی وا دیارە، لە سەفینیش بڵندترە، ئەگەر بیخەیتە زاریەوە، هێشتا جێی سەفینێکتری تێدا دەبێتەوە، هەر دەبێ زاری دڕو بێ، هەر جارەی لە لایەکەوە دەردەکەوێ، چەپ و راست دەکات، تێ بڕێی خەون نەبینم، نا خەون نیە، تێ بڕێی شێت نەبووبم! چ دوورنیە..چاو دادەخەم و دەیکەمەوە، ئێ خوایە ئەوە رێشکەوپێشکە بێ، نا وێنەکە روونە و دەوی دڵوە، چەند قووڵە قووڵ، بنی دیار نیە.
دڵو خێ بزردەکات و دەردەکەوێتەوە، سەرەدیقانێم دەگەڵ دەکات، دەمەوێ چاوم داخەم و واز لەگەمەی سەرەدیقانێ بێنم، بە چاوی خێم ناوەستم، نا، دەوی دڵو هێزی راکێشانی نیگای هەیە، سەرت بخەیتە ناو تووڕەگەی ڕەوندانیشەوە، ڕێ لە دیتنی دەوی دڵو ناگیرێ.

ئەها، ئەو ژنە رەوەندەش وا دیارە وەك من لە زاری دڵو دەترسێ، ئەوەتا، ناوە ناوە سەری دەخاتە ناوە تووڕەگەوە، کەسێ دەپرسێ:
+پوورێ، بۆ وا دەکەیت؟
– کوڕم، لە ناو ترومبێلێ، تێکدەچم، وا نەکەم، دەشێمەوە.
نا، دڵنیام لە ترسی زار و زگی دڵوە، لە سەر ئەوە بوو زراوم بڕۆ، ساقڵکەی بابمم بیرکەوتەوە، دڵو کەمێك دوورکەوتەوە، ترس تازێك ڕەویەوە، ئاخر ساقڵی بابم لە لوولەی کۆپتەر و چنگی ئیزرائیلی پاراستووم، تۆ بۆی لە زاری دڵو نەمپارێزێ!
بیرمە، خاڵم خزاندە بن ساقڵکەی، بابم دەڵێ:
دەڵێی سەرماتە؟ هەستە گەیشتین..
ئاخەی، گەیشتین و نەکەوتینە زاری دڵوەوە، ئەوەش ڕەواندزی وەستا ڕەجەب، تۆ بڵێ هی پاشای گەورە، بە پرسیار گەیشتینە پێش ماڵی خانەخوێکەی عەلی قەردار، ڕۆژ نازانم لە جێیان بەێم لە شاری وەستا لە سەر ئاوابوونە، ئاوابوون لە چیاکەی پشتەوە، بە گوڕەی ئەو هەموو بەرزبوونەوەیە، دەزانی ئەمە لە کۆوە هەر لە بەرزبوونەوەداین، ڕەواندز لە ئاسمانێیە، بەێم لە چاو چیاکانی چواردەوری، لە زەوی نەبڕتەوە.
شاری وەستا و پاشا، بەو دەمەو هاوینە لە بن زەردەپەڵێ، دەڵێی بووکی بەهارە، دەڵێی فڕتەی لەگەڵ پرچ تەکەبووی ئەو کیژە نازدارەیە کە لەو سەرەوە دیارە، کیژێك ئەگەر سێ چوار ساڵێك لە خێی گچکەتر با، دەمگوت کەویارە، وای خوایە لە جوانیی ڕەواندز، نە چاو لێی تێر دەبێ، نە دڵ دەڵێ زێ، تۆ بڵێی لە دنیایێ جێیەك هەبێ، لێرە دڵنشینتر، تا پێم نەخستە دیوی حەوشە بۆ دەرگاکەوە و لە دیوارە هیشکە کەکەکەی ئەودیو نزیکنەبوومەوە، ڕەواندزم وا دی.
وای خوایە، دڵو پەیدابوەوە، بە تەواوی زگی کردبوەتەوە، زەوی و ئاسمانی پڕوەدەچێ، ڕەویمەوە، ڕەوینەوەیەك جاشکڵەی وا لە گورگ ناڕەوێتەوە، منداڵێکی ماڵەکە:
مەترسێ، ما ئەتو لە خەرەندێ ئەترسی؟!
دیارە، دڵوی ئێرە ناوی خەرەندە، ئەو ئێوارەیە زۆری برد، تا تارمایی و سامی دڵو ڕەویەوە و باوەێم هات کە خەرەندە و دڵو نیە، بەێم خەرەند جێی دڵوی گرتەوە، ترسی خەرەند چی وای لە دڵو کەمتر نیە، ترسی بەربوونەوەی ئەو خانووانەی بە سەر خەرەندەوەن، ئەو ماڵە چۆن دەوەرن لێرە بژین؟ خۆ لەگەڵ هەر کێخە و پژمینێکی خەرەند، غلێر دەبنەوە و تا بنەبانێ گیرنابن، ئەڕ خەرەند بنی هەیە، من چەندی ملم هەبێی بنیم نەدی، پێدەچێ هێشتا پەیوەندیەك لە نێوان دڵو و خەرەند مابێ، ئەوە نیە باسی پژمینی خەرەند دەکەم!
تۆ بڵێی ئەوشێ لە ترسان چاوم بچێتە خەوێ! دەترسم بخەوم و لە خەوێ

بڕم، وەك ئەو جارەی رێشتم و بابم لە کۆڵان گرتمیەوە، بەرام ئەگەر لە خەوی ئێرە بڕم خەرەند دەچم و بابم لەو دنیاش نامبینێتەوە، ئێ، جارێ لە خەوێ گەڕێ، مانگەشەوێکە لەو دووڕەوە مامز بە شاخانەوە ببینە، کێوەکەی ئەوبەر نازانم هەندرێنە، زۆزگە، کیهەیە، مانگی زۆر نزیککردێتەوە، هەستدەکەم دارلاستیقی ئەنێی بەلاشاوەی دەگاتێ، ئەمن لە هەوڵرێ مانگم وا بە نزیکی نەدیوە، ترسی خەرەندە دڵو نەبا، لەگەڵ منداڵان دەچوومە کۆڵانێ و لە بن تریفەی زیوینی شاری پاشا، چاوشلکانڕم دەکرد، زۆریان هەوڵدا بچم، لە ساقێکەی بابم دوورنەکەوتمەوە، گوڕم بێ باسوخواسی دانیشتنە مانگەشەویەکە راگرتبوو، پیاوێك سمێ کلك مشکیی ردێن تەپشوولەیی دەڕێ:
لەو هەندرێنەی دەیبینن، پڕشمەرگە شەڕکی کرد، لەشکری پاشای گەورەش نەیکردووە، ئەسحابەش نەیانکردووە.
عەلی قەردار پڕدەچوو پاشای زۆر خۆشبوێ:
لەوەتەی دنیا هەیە، پیاوی وەك پاشا ئازا نەبووە و نابێتەوە، ئیمامی عەلیی زەمانە بوو، بەڕام حەیف شیرەکەی دەستی وی لە دەست نەبوو.
ردێن تەپشوولەیی:
ئەدی تۆپەکەی وەستا رەجەبی نەبوو؟
قەردار قسە دەباتە لایەکیدی، بەڕام ردێن تەپشوولەیی و یەك دوانەك دەیهێننەوە تۆپخانەکەی وەستا رەجەب.
لەو مۆواندارییە مانگەشەویەی سەر لێواری خەرەندێ، تۆ بڵێ زگی دڵو، من وەستا رەجەبم بە تۆپخانەوە لە نزیکەوە دیت ((رەجەب پیاوێکی بە خۆوەی تێکسمراوە، باسك ئەستوور لە عەدنان قەیسیش ئەستوورتر بوو، گەلەك لە هەمزە پالەوان دەچوو، زۆرانێ لەگەڵ ئیمامی هەمزە بکات، پشتی لە زەوی دەدات، وەستا چاو گەورەی برژانگ رەشی برێ پێ، سمێ گەورەی بابێ، ئەوەتا لەو کۆلەکانەی خوارێ بە دیار تۆپەوە دانیشتووە، بە دەنگێکی قەبە و گڕ، دەڵێتە پاشای گەورە:
گەورەم، یەکەم بە خودا، دووهەم پشت بەو تۆپە ببەستە تێ، پشتت بە عەرد ناکەوێ، گەورەم، خەرەندێ خێ، بە تەرمی لەشکری ڕۆم و عەجەم پێ ئەکەینێ..))
پیاوی بالیف لە سەر کۆشێ کە هەردوو ئانیشکی بە سەر دابوون، بە شێوەیەکی ئەوتێ وەسپی وەستا رەجەبی دەکرد، ئەمن ئەو وەستایەم لە بەر دەمی خۆم دیت و هێندەی نەمابوو لە بەری هەستمەوە، پڕشترێ ناوی ئەوم نەبیستبوو، لەوێ بیستم و دیتم و خۆشمویست، بەڕام چەندی کردم، پاشای گەورەم نەکەوتە بەر دڵی، میری ئێزدیان کوو ئەو پاشایەی لە کنە من ڕەشکرد!

لەو دانیشتنە قسەیەکی بابمم بیرکەوتەوە:
پیاو ئەگەر لە حوکمەت یاخی بێت، بێتە ئێرە باشە، بە هەزار لەشکر ناگیرێ.
ئێ، لەبیرمچوو بڕچی هاتبووین، قەرد بوو، وانەبوو؟ ئا، عەلی قەردار روو لە بابم:
بەهار بوو بیست سەر بزنەکەم بەقەردی هاوینێ برد، چاو بەرەژێرتم، گەیشتینەوە بەهار و وا دەچینەوە هاوین.. بەڵام ئەوەی بە سەر من هات، بە سەر دوژمنت نەیەت، ئەوەتا پارەکەتم لە بەکێیە، دەمویست سبەی بێت بهێنمەوە.
کابرا تووشی کێشەیەك ببوو، لە دیوی ڕۆژهەڵاتێ نزیکەی ساڵێك کەوتبووە زیندانی شای ئێران، بابم کە بەوەی زانی، گوتی:
کا عەلی، هاتنەکەی من بە سەردان وەرگرە، قەرد لەبیرخێت ببەوە.
ئێ، واز لە تێکەوڵکەی بابم بهێنە، ئەو شەوە بایی نیو تەمەن خەونم دیتووە، هەمووی هەڵات هەڵات بوو، هەڵاتن بە ناو زگی دڕودا، لە ناو زگی دڕۆ لەو سەر غاردە ئەو سەری، دڕو هەموو دەرگاکانی زگی خێی بە سەرمدا داخستووە، دەگەمە هەر دەرگایەك زرم زرم، بە مست و پێلەقە لێیدەدەم، کەس نایکاتەوە، هاوارەکەم، لە ناو زگی دڕۆ دەنگدەداتەوە، کەس بە هاوارمەوە نایە، لە هیکڵا زگی دڕو درزێکی گچکەی تێکەوت، ساقێی بابم دەرکەوت، کەمێکی مابوو دەستم بیگاتێ بە ئاگاهاتمەوە..
لە سەر هاتنەوە، هەواڵێکی جەرگبڕ لە با خێراتر بە کۆانەکانی شاری پاشا بێاوبڕوە:
کچێك خێی هەڵداوەتە خەرەندێ.
تێ بێ ناو زاری دڕو، کێیە؟ زوو پێکەوتم، کچەکەی ئێوارێ بوو، ئەو کچەی لە پرچ و فێتە لە زەردەپەڕ دەچوو، بەڵام نەمزانی لە سەر چی، کچە زەردەپەڕی ناو زگی دڕۆ کە لە نیوەی ڕێ گیانی دەرچووبوو، ئێمەی تا نیوەڕێ لەوێ هێشتەوە، لە هاتنەوە لە ناو ترومبێلێ، ژنێك لە بن لێوانەوە دەڵێ:
خودا بیانگرێ، بڕچی نەیانداین، لەو پیاوتری دەدیتەوە!
ئەها، بەزمەکەیە، کچە حەز لە کۆێك دەکات و نایدەنێ، لە داخا خێ داوێتە ناو دەوی دڕۆ.
لە گەلی عەلی بەگێ، لە نزیکەوە عەلی سەودام دی، لەوێ پرسیارەکم بێ هات، بەڵام لە کەسم نەپرسی:
کچەی فێتە و پرچ زەردەپەڕی، بڕچی وەك عەلی نەکرد و نەهاتە گەلی؟
منداڵیش پرسیاری سەیر و سەمەرەیان بە مێشك دادێ!
ڕی گەڵانەوەش پێ وردە سەربردە، ناسکترینیان لەو جێیەیە، کە ڕێ هێند تەسك دەبێوە، جێی یەك ترومبێلی لێدەبێوە، شاخیش هێند نەوی

بوو لە سەر پشتی پیکابێ دەستت دەگەیشتێ، من ترسم شکابوو، لەو دەستم دەگەیاندە باڵەزە و گیای بن شاخ، لەو گابەردەوە کە عەلی عاشق شانی پێدابوو تا گەیشتمە لێفەی کەریم حەشاش و شەبووینەوە بێ ئاوی بەستەڵە و لەو منداڵەکە کترەکەی لە دەست فڕی و هێندەی نەمابوو بە دوایدا لە ناو ترومبێلەوە خۆی هەڵدا، سەربردە زەرن، بەڵام با بمێنن بێ سەردانەوەکیدی، لێکیان گرێدەدەمەوە.
گەشتی ناو زگی دێوم بێ ئازاد و فازیل ڕەحانە و کەویار و کەڵان گەڵایەوە، کەسیان باوەڕیان نەهات، لە دنیایێ جێی لەو شێوە هەبێ.

بەدوویدا دێ

Comte ,Auguste ئۆگۆست کۆنت … حەیدەر هەموەند

ئۆگۆست کۆنت فەیلەسوف و کۆمەڵناسکی فەرەنسییە بوو کە لەنێوان ساڵانی (1798-1857) ژیاوە . کۆنت بە دامەزرێنەری زانستی کۆمەڵناسی دادەندرێت .

کارکانی / بەچونکانی

کۆنت زانستکی نوێی داهێنا بەناوی کۆمەڵناسی Sociology . کە بەرای ئەو پێویستێ پشت ببەستێت بە سەرنجدان و توێژینەوە لە ئامارکان لەبارەی ڕەفتارکانی مرۆڤەوە .ئەم زانستێ نوێیە پێویستێ تەنیا وەسف بکات نەک لێکدانەوە یان تەفسیر بکات . مەبەست لە کۆمەڵناسی ئەوەیە کە پێشبینی و کۆنترۆل بکات و پێویستە وەک ئەندازیاری کۆمەڵایەتی بونیادی کۆمەڵگە دابڕێژێت .
کۆنت کۆمەڵگە دابەش دەکات بەسەر دووبەشی بەسەر دووبەشی سەرەکی کە بریتین لە :
١- ستاتیکای کۆمەڵایەتی) یان نەجووڵاوە کۆمەڵایەتیەکان) Social Statics
ئەم بەشە باسخ دەدات بە شتێ نەجووڵاوەکانی کۆمەڵگە کە بریتین لە زمان ، ئاین و دابەشبووی کار .
٢- دینامیکای کۆمەڵایەتی (یان جووڵاوە کۆمەڵایەتیەکان) Social

Dynamics
بایەخ دەدات بە جووڵاوکانی کۆمەڵگە ، واتە پێشکەوتنی کۆمەڵگە دوگرێتەوە چونکە کۆمەڵگە هەمیشە لە گەشەندایە .
کۆنت لە بیردۆزەکیدا بەناوی یاسای سێ قۆناغ Law of Three Stages ڕووانگەی خۆی دەخاتە ڕوو لەسەر بنەمایەکی مێژوویینانە بە پرسی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی Social Evolution. ئەوەڕوک هیگل و مارکس پێیوابوو کە گۆشەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەستراوەتەوە بە حەتمیەتگەرایی مێژوویینانە Historical Determinism . کە تێیدا بیرکەکان و دامەزراوکان هاوشانی یەکترن و هەر قۆناغێکیش بە شیوەیەکی زەروری بێندە بە قۆناغی پێش خۆی .
کۆنت هەر لەم ڕووانگەشەوە بۆچوونی خۆی دەربارەت سەبارەت بە پرسی گیان بەدوای مەعریفەدا ، بگومان لەم بوارشدا ڕەهەندی مێژوویی ئامادەیە ولە هەر قۆناغێکدا بیروبۆچوون و باوەکان ڕەنگدانەوەی هەمەلایەنەو ڕاستەوخۆیان هەبووە لەسەر چۆنیەتی و ئاستی مەعریفەی مرۆڤ سەبارەت بە دیاردەکانی سروشت و کۆمەڵگەدا .

یاسای سێ قۆناغی کۆنت هەروەک بەناوکێوە دیارە بەسەر سێ قۆناغدا دابەش دەکرێت کە ئەمانەی خوارەوەن :

یەکەم : قۆناغی ئایننناسی The Theological stage

لەم قۆناغەدا مرۆڤ هەموو جارە دیاردەیەکی سروشتیان بە دروستکراوی خوداکان یان هێزەکانی سرووی سروشت دەزانی و هەموو مەعریفە و ڕوونکردنەوەکانیش هەر لەسەر ئەم بنچینەیە دامەزرابوون .

کۆنت ئەم قۆناغەشی کردبوو بە سەر سێ قۆناغی کورتتر کە ئەمانەی خوارەوەن :
1- بتپەرستی Fetishism ، لەم قۆناغە سەرەتاییەدا مرۆڤەکان ساکاربوون و باوەڕیان وابوو کە ماددە مردووەکان گیانیان هەیە و هێز و دەسەاتیان هەیە بەسەر دیاردەکانی سروشت و گیاندارەکاندا .بۆیە ئەوان ماددە مردووەکانیان دەپەرست بە نموونە دار و بەرد و ئاگر و هتد .
2- فرەخودایی Polyteism , لەم قۆناغەدا مرۆڤەکان لە یەک کاتدا باوەڕیان بە زۆر خودا هەبوو چونکە پێیان وابوو کە هەر خودایەک لەپرسراوە یان دەسەاتی بەسەر دیاردەیەکی دیاریکراودا هەیە لە سروشتدا . بە نموونە ، خودای باران ، خودای دەریا ، خودای هەوا و هتد .
3- یەکتاپەرستی Monotheism ، واتە باوەڕبوون بە یەک خودا .لەم

قۆناغدا مرۆڤکان باوەڕیان وایە کە تەنیا خودایەک لەپرسراوە و دەسەڵاتی بەسەر هەموو گەردووندا هەیە .

دووەم : قۆناغی میتافیزیک The Metaphysical stage

لەم قۆناغدا چەمکە میتافیزیکیەکان بڕوایان پەیدا کرد بەتایبەتی ئەو چەمکانەی کە لە ڕۆژگارە کۆنەکانی یۆنان و ڕۆمانەکان لەلایەن فەیلەسوفەکانەوە بەکار دەهێنران بە نموونە چەمکەکانی (مافی سروشتی) و (دیموکراتی) و (جەوهەر) و هتد . بەجۆرێک کە ئەم چەمکە دامەزراوانە Abstract Terms زیاتر لە چەمکە ئاینیەکان بە کاردەهێنران لە توێژینەوە و دۆزینەوەکان سەبارەت بە پرسگەلێکی جیاواز لە بوارەکانی مەعریفە سەبارەت بە سروشت و کۆمەڵگە . بەڵام کانت پێیوابوو کە ئەم چەمکانە مانایەکی بابەتیان نییە بەڵکو هەڵگر بوون کە گریمانەی هەڵە لەبەرچاو بگیرێن . ئەم قۆناغە لە ڕۆژگاری ڕۆشنگەرایی Enlightenment دەستی پێکرد و دواتریش بەردەوام بوو.

سێیەم : قۆناغی پۆزیتیڤیتی The Positivity stage

ئەم قۆناغە بە دوا قۆناغ و دۆزەمەردرێت و کانت وەکو بەرزترین قۆناغ و پشت بەستوو بە زانستی دۆزانێت چونکە زانست لەم قۆناغەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی لە ئاستێکدایە کە مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێگەی چاودێریکردن Obseravtion ، تاقیکردنەوە Experiment و بەراوردکردن Comparison ڕوونکردنەوە و پاساوی زانستیانە بدەست بهێنێت بە ڕوانگە مەعریفیەکانی لە هەموو بوارەکاندا .
بیردۆزی دووەمی کانت بریتیە لە هەرەم یان پایەبندی زانستەکان Hierarchy of the Sciences The . ئەو لەم بیردۆزیدا زانستەکان بەشێوەیەکی هەرەمی لە خوارەوە بە سەرەوە دابەش دەکات بە سەر چەند پایەیەک ، لە خوارەوە ماتماتیک ،ئینجا ئەستێرەناسی ، فیزیک ، کیمیا ، زیندەوەرزانی و لە کۆتاییدا کۆمەڵناسی .ئاشکرایە کە کانت یەکەم کەس بوو زانستی کۆمەڵناسی داهێنا .
ئەم جۆرە ڕەکخستنە یان دابەشکردنە هەرەمیەی زانستەکان پەیوەندیەکی نزیکی هەیە بە یاسای سێ قۆناغەکە چونکە هەرووک چۆن هەریەک لەو قۆناغانەی مرۆڤایەتی پێیدا تێدەپەڕیت لەسەر قۆناغی پێشتر بنیات نراوە بەهەمان شێوە هەر زانستێکیش لەسەر زانستێکەی پێش خۆی بنیات نراوە ، بەڵام زانستە جیاوازەکان بە تەووزمی جیاواز گەشە دەکەن . هەرفەرمێکی مەعریفەش دەگاتە قۆناغی پۆزیتیڤیتی بەگوێرەی گشتگیری ، ئاسانی و پشت نەبەستن بە

بەشەکانی دیکە .
کانت پێیوایە کە لە قۆناغی پێزیتیڤیتی پێویستە پایەبەندی زانستەکان جێگەی ئایننناسی و میتافیزیک بگرێتەوە ..
هەروەک لێم ڕەکخستنەی کانت بۆ زانستەکان دیارە هەر زانستێک لەسەر زانستەکانی پێش خۆی بنیات نراوە ، بۆ نموونە کیمیا لەسەر زانستەکانی فیزیک ، ئەستێرەناسی و ماتماتیک بنیات نراوە . کەمەناسیش لەسەر هەموو زانستەکانی ژێر خۆی بنیات نراوە .هەروەها لە بنکەی هەرەمەکەوە کە بۆ ماتماتیک دەست پێدەکات تا بەرەو باڵاتر بۆین گشتگیریەتی زانستەکان کەمتر دەبێت و هەر زانستێکیش تایبەتمەندتر و ئاڵۆزتر دەبێت .بۆیە بۆای کانت زانستی کەمەناسی کە دەکەوێت بەرزترین ئاستی هەرەمەکە تایبەتمەندترین و ئاڵۆزترین زانستە.

خودی ڕووانگەی پێزیتیڤیزم Positivism کە ڕووانگەی کانتە لەسەر چەند پرینسیپ (یان بنەما) Principle و چەند ڕووانگەیەکی فەلسەفی دیکە دامەزراوە کە دەتوانین لە چەند خاڵێکدا ئاماژە بۆ گرینگترینیان بدەین :

1- سروشتگەرایی Naturalism:

واتە پێویستە پرینسیپەکانی زانستە سروشتیەکان پێیەو بکرێت لە بواری زانستە کەمەایەتیەکان .

2- دیاردەگەرایی Phenomenalism :

تەنیا ئەو دیاردانەی کە مایەی چاودێری کردنن دەتوانن زانیاری بڕوادارمان پێ ببەخشن .

3- ناوگەرایی Nominalism:

ئەو ووشانەی هەڵگری بایەخی زانستین پێویستە بچەسپێنرێن و مەرج نییە بوونی ووشەیەک بەڵگە بێت بۆ بوونی ئەو شتەی کە وەسفی دەکات یان ئاماژەی پێ دەکات .

4- ئەتەمگەرایی Atomism :

دەتوانرێت کە شتەکان بەبچوکترین پارچە پێکهێنراوەکانی ووردبکرێن یان شی بکرێنەوە ئینجا لەکەینەوەیان لەسەر بکرێت (چونکە گشت بریتیە لەسەرجەمی پارچەکانی).

5- قانوونە زانستیەکان Scientific Laws :

مەبەستی زانست خولقاندنی یاسای گشتگیرە کە لە خزمەت پێشبینیەکاندا بێت .

6- فاکتەکان و بڕوا کان Facts and Values :

گرفتان بەدوای فاکتەکان Facts پێویستە . بڕواکان Values هیچ بایەخی زانستیان نییە .

مردوویەك ئاگای لە هەمووانە … سەباح ڕەنجدەر

تاج سەر گران دەکات

تاج چاوی لەو درەختانە ڕوون بووە لێرە ئاو دەخێنەوە
بۆنی گیای لاڵیانیشی بەئاگا هێنا
ئەوەشی گوت ڕۆح گڕشت و ئێسکی نییە
دوای ماوەیەکی کورت
کەوتە سڕاخکردنی ونبووەکانی و بریقەی چاویلکە و دڵنیایی
ئەسپی جڵەو زیوینیشی لە گڕەپانی شەوە پەرستگا خەڵات کرد بە زوو
وروژانی پەپوولە
ئەفسوونکی لە چەکەرە و نەرم و شلی گوان
دا بە گژوگیای ئاوودەی نیاز و مراز لەسەر خوێندراو
گژوگیا کەسوکاری منن
ڕزگاریان کردم لە گەمارۆ و داوی فریو
مەرەکەب و کاغەز و یاد خۆیان لەناو ڕۆکخست
ئەم سرووشەیان هەڵدا
ژیان و مردن بردنەوە و دڵنان نین
شیر و
قاوە و
دیوان و

مەمی دەم بەسووراو و سپیاو
سەز و سەبووری و بێ پەروایییان تا گەیشتن بەخت بەرز بووەوە
هاواره بەهانا هاتووەکانت کە بەدەنکی بەهەز شووره دراوە
هەدە سەرە ڕەگاکان
نە لەگەڵ سەرەتا کاروانت دەجمێ
نە لە کۆتایی واق وڕمانکی لەناکاو و لەبیرنەچوو
گیانت دەکات بە قوزاخەی حەکایەت و ئەفسوون
لە نامەیەکی تایبەتیدا داوا بکە
پێویستیم بە دەستەیەك پێغەمبەر هەیە
لەناو گەرمایی دەڕەکانم
هونەری پێگەیینی میوە بکەن بە بیرکردنەوە و خولیا و ژانی
تاقگەیەك
ئەی سەمای ڕەشمە و زەنگوڵەی نەرمی کەچی بەختەوەری
ئەستێرە بۆیەکراوەکانی ناو ئستە سەرەکان لە خەودا بژێنە
هەنگ هەنگوینیان بۆییەوە
نەمانزانی ئەو تەشتە ئاوەی حەوشەمان خڕش بوو
کە تریفەی مانگی بێ پاراستین
سێاوت لێ دەکەم ئەی ئاسوودەیی
بەدێ ئاوەك لە پاشماوەی برینەکانمان بدەرەوە
کولانەوەیان کەڵگەیەکە مەست و ئازدرکێن
مەم تێکۆشەری بنەماڵەی ڕووناکییە
جەنگکی گەورەی بردووەتەوە
نیشانەکانی خاڵبەندیی ژیان
گوێ لەو دەنگانە ڕادەگرن دەبنە ئاواز
نیشانەکانی خاڵبەندیی مردن
گوێ لەو دەنگانە ڕاناگرن نابنە ئاواز
گوێ گرتن و نەگرتن بردنەوە و دۆڕان نین
خانەی دوو گوێن چاوەڕوانین ببنە شانەی هەنگوین
دەتوانین پێیدا بڕۆین و بۆینەوە
بازکی ڕاونەکراو لەناو ڕەزکی خان و مان
لە باوەشی درەختکی نزم خێی هەڵدا
پێشنگی بەهرە دانەوڵە و ئومێدی لە نزیك دەنووك و باڵی دانا
بۆنی حاجیلەی کوتراویش لەناو گەرەوی و ئاون دەنیشتە شوێن
پێیەکانی
وەك پڕوو دەجریوێنن
بۆ چرا کتێب کەسکی لە بیرکراوە
شەوقی ڕووداوەکانی ساڵ چەشنی باران

ئاوی سەر بە شەختە بەئاگا دەهێنێت
بۆن و بەرامەمان بۆ دەنێرێتە ماڵەوە
قەڵەمکەشی کۆچکردووان و گۆڕپی سەر حەوزی ماسی و چەتری گوڵفرۆشان
پەڕەی زمانن قەت دەماری درێ لەدەمیان لێنادا
وایان کردووە بە وچان و درەوشانەوە تەماشامان بکەن
درەختی بڕند و لك بەهێز
بۆ جڵانە خۆیان هەڵدەخەن و هۆگیان بە ناوچەوانمانەوە گرێ دەدەن
ئاڵۆزیی ژیان و سادەیی مردن کە بەهرەی تیشك و سڵبەرن
ناکۆکییەکانیان خاو دەبێتەوە
نیشانەکانی خاڵبەندی دەبنە مۆسیقایەکی دەوڵەمەند و خڕەکۆشن بە هەورێکدا لە دڵدا دەبارێ
کتێبەوانێك لەو گەڕەکەی چاو داناخا و وشەکان بە ڕێگادا دەڕۆن
چووە ناو دواین جەنگی ڕەش و سپی و خۆی تەنیا کرد
بە تاجی کتێبەوە هاتەوە یەکەم کۆڵانی شار
تۆگەیشت ئاووهەوا و ئاوێنەی بەرانبەری
ڕوخساری ڕەشنی ئەسپەیان هێزی ڕاوچیی ڕەوی
تاج ناوی تاجدار دەزانێت
خۆرێکی سادە هەڵیگرتووە و بەسەر ناوچەوانی دنیا ڕەتدەبێ

تشرینی یەکەمی 2005 هەولێر

زمان و دڵی مانگ

پەپوولەیەك لەسەر شانی پێغەمبەرەوە فڕیە سەر شانی من
تەپەی باڵ و نیشتنەوە بۆنی خۆشی گەسەرن لە پرچێکی خورمایی کاڵدا
پۆیستییەکانی ڕۆژ هەمووی جوانین و لە ڕۆژمێردا بە دڵنیاك
ئاماژەی پێدراوە
کاتژمێری قورمیشدار ئامادەت دەکات بۆ بەدارکردنەوەی پەردە
تیشك بەشی خۆی بداتە ژووەکان
جێشی قڕیە کە بەناو دڵی هەوەدای کازیوەدا ڕەت دەبێت
باوەشی ماڵ پڕ دەکات لە شیرینی
کرێسك و ددانی شیری تێیدا گەشە دەکەن
داوەڵ پشووی بەستانەوانە
مەیموون و کەروێشك خەیاڵیان دەمرێ و بارکەوتوو دەبن
نامەی جەنگاوەرێك لەناو دەست و پەنجەی پێستەچیی شار بانگی کەڵەبابە
ئەستێرەی تاریك و ڕوونی لێ بەگرشە گرش کەوتووە
مەرگی ئەسپەکان و ڕۆژی سپیی سەر چیاکان

گیان و لەکدانەوە دەدەنە نازی هەنگ لەناو پەلکەزێرینەدا
پەلکەزێرینە جوانیی سەرزەمین بە ئاسمان دەبات
پەچکەی گالیسکە لەناو فریز پەڕەکانی جەستەی بە خوناوی شادمانی لادەدات
سەرنشینەکانی نقەمی ئەنگوستیلەیان چاون
لە کاتی دەستگیران هەڵبژاردندا کە سروە و هەژنەی باران پەرژینی دارین دەشکێنن
گوڵەجۆ و گەنم لە ناوچەوانی کار و بەرخ شەپۆل دەدەن
ناز و فیزی شێر لەو کاتەدا گەرم دەبێت
کە تەرمی نێچیر لەناو دەستەکانی دەشێلێت و گۆشت و ئێسك لێك جیا دەکاتەوە
تەنیا مرۆڤ پێویستی بەئاسوودەیی ناو ئاوێنەیە
دەزانێت کە ناشیرین بوو ئیدی تەواو بەهرە و بەرهەمی لە نوێوە دەست پێناکاتەوە
ژیانیش بەردەوام خوان پڕ بەهرە و بەرهەم دەکات
بوێری باڵندە بەرز دەکاتەوە
ئەوانیش لە مەستیی فڕینکدا ئاسمان خاڵی دەکەن لە بروسك و پاشماوەی
نەرم نەرم لە ئاسۆی پڕی سپێدەدا دێنە خوارێ
بەسەر گۆچانی پیرەکان دەنیشنەوە
پیرەکانیش ترپەی لێدانی دڵی خۆیان گرێ دەدەن بەباڵیانەوە
باڵ ئەی پشت و پەنا و جوامێری ناو دانیشتنە تایبەتییەکان
هەوانبڕ و سەروا و کێشدارمکە بە تکای گوڵەباخ لە دەست و پەنجەی دێ
خەریکە هووناکی لە چاوانم کێ نابێتەوە
ئەلفوبێی ژیانی خۆم لە بەرزاییەکان هەڵدایە دەستی خوداوەند
هەشنووسی بەخت و ناوچەوانیشم دوور لە نزرگایەك شاردەوە
ئەی دەریای نوستووی خەونی خۆ ئاشکرا کردوو
بەرپا بووە زەبر و زەنگ و جەنگی جودایی
دەستەودامەن و فریا
جامی ئەفسووناوی گیانم پێکە لە بەهرە و بەرهەمی خودایی
مانگی لە دەست مەرگ هەڵاتوو
شانمی بە قەڵا و مێزەخانە و ئاوێنەی بنەماڵەی زانی
زمان و دڵی لەسەر پەروەردە بکات
تریفەیەك لەناو جامی ئەفسووناوی خودادا
برژانگی چاوە گەورەکانی کردنەوە
بە وریاییەوە دوا

دوای چەند چرکەیەکی خوماری
گەشتوگوزار و غەزەلی ئەسپ و بریقەی چاوی پۆغەمبەرەکان لەسەر زەوی
دەگ□□ن
هەندێك زمان و دێ پەیدا دەبن
سێبەریان □□حی تێدایە
ئەڕ سێبەری □□ح تێدا ئاسوودە
زەبر و زەنگەکانی داهاتوو لە پێناو چیدا دەبن بە جەنگ
کوکوختی هێگر بەحەوشە و ماڵ و سەر ئاڵێری تەلەفزیۆنەکانمان
لە وشەی هەڵکەندراوی ناوچەوانی خانووی باپیران دێنە دەڕ
لەناو فەخفووری ماستی منداڵەکانمان
لە □ەنج و □از و هەوای بێباکی نقووم دەبن
دەست بە سەری ئاگرودوو دادەهێنن
گەرمایی دەبەخشنەوە بە دەرگا کردنەوە و پەیوەندییە هەستییەکان
پاشان لەسەر ئاڵای داگیراو پاشەڕ دەڕژن
ئەڕ مانگ لە زەماوەندی جاویدانی زمان و دێدا
چ شەربەتێك دەخورێتەوە
مەشخەڵی سەرشانم فڕییە ناو چاوی پەپوولە
ئەو چاوە □ەنگی خودا و □ەنگی ئاو و □ەنگی شیعری پاراست
بەهرە و بەرهەمی لە نوێوە دەست پێدەکاتەوە

تشرینی دووەمی 2005 هەولێر

□□وەسمی کردنەوەی پەیکەرێك

بەچاوی گایەکی قوربانی تەماشای باڵندەی دەنووك لەناو ئاو دەکەم
خودا بەنیازی سێاو چاوی داوەتە دەستێك
دەبدەبەی □ەنگاوەنگی پێوە بشەکێتەوە
قوماشی □ەش و سپی بێ
پرسە و کفن
پیت □ژانە ناو دەمم
توانیم وشە لێکدەم و داوا بکەم
مانگ بەسەر هەوڵێرەوە پێ و نارنجی و لە گۆوگاێدا بێت
بەو نازەی داویەتییە ئاوی □ژاوی حەفت چیایان
چەتر هەێدا و شەێی باران بباتەوە
چەتر شەێی باران دەکات
پەیکەرێك حەفتا ساڵ پیاسەی بەسەر پردی ئەم دیو و ئەو دیوی
□ووباردا کردبوو
پاشان لەسەر گردی بە ئاڵا داپۆشراو دانیشتووە

ئاوێنەی دابووە ژن و شووشە بێنی وەرگرتبوو
سەیری پەند و وێنەی سەر قەڵغانی کردبوو
قسەی تونديشی لەگەڵ وەردیان کردبوو
نامەی لەسەر باڵی بە ناز و فیزی کۆلارە نووسیبوو
سەرسام بوو بە
گوڵی کەروێشك و
گواڕەی شڵ و
پیاڵەی چا و
ڕووناکی ڕووی زەوی
بلووری لامپای سێبووەوە
تووتن و پایپی خۆش کردبوو
زۆر تەماشای ڕوخساری دایك و باوکی کردبوو
وایدەزانی دەمرن و بەجێی دەهێڵن
پەیوەندییەکانی نێوان درەخت و باڵندە و هێلانە و هێلکەی باش ناسیبوو
گۆوگاڵ و دارە دارەی منداڵیی دەبێتە کاروانسەرا
یەکەم هێلکە لەوێ دەتروکێ
یەکەم ئاو لەوێ ڕووندەبێتەوە
یەکەم باڵ لەوێ دەفڕی
یەکەم شیر لەوێ هەوێن دەکرێ
لە بریقەی خان و مانی ڕەش و سپی
ڕەنگەکانی دی لەواندا دەژێتە سەر نێتەی سروودەکانمان
سروود بووە پشتی ئەسپ
پشتی ئەسپ بوو بە زێد و ماڵ و لەدایکبوونمان
بەکامی دڵ سۆز و ئاوازی گیان دەدا بە پاڵەوانی هیوا و سەرپێخستنی خەونەکانمان
باڵندەی هەمەجۆری شادمانی لەشکری بوون
پەلکەزێڕینەش بیر و بۆچوونی
لەشکر کە دەژێنە بۆندایینی دەموچاوی
بەنیازی ناسکبوونەوەی نیشتنەوە و بۆیاردان لەسەر مانەوە و باگەرمبوون بۆ کۆچ
بیر دەکەنەوە و قسە و باس بۆ یەکەم پەڵەی ساڵ دەدرکێنن
ئەمە زۆر پێویستمانە بیزانین
گوڵەکانی لە ڕووەسمی لەدایکبوون و مردنی دەخرێنە سەر پەیکەری
تەنیان وەك تەڵە شخارتەی بەکارهاتوو بۆ داگیرسانی مۆمی سێبووری
بولبول لە پاییان بانگی بە چل باڵفڕین و نیانی جۆلانە و جەژنی گەانەوەی ون کردووە

دوای سەرگەرمی دیتەنییەك
گۆشەنشین و خەواڵوو هەناسەیەکی دایەوە
ماسوولکەی جەستەی بەشەژاوی و گەروو وشکییەوە سەیری دەمی
ئاهەنەری وەرزشوانی دەکات
چڕ لە یەکەم ڕووبەڕووبونەوەی کۆتا و ئەو ڕۆژانەی دەزانێت
ژیان چییە وەرناگرێت
بەڵام خەیاڵ کە دووڕوویی مرداندووە
بۆ بگرە و بەردە بە هەموو شتەکانی دەگەیەنێت
لە بۆنەی ئاشقبوونی شەونمی سەر گیا و شەڵی چاوەزار
دەبێتە دەستێك لەناو قژاخەدا ژیاو بۆ خۆشی و ناخۆشییەکان
هەیدەداتە ناو ئاهەنگەکانی کۆچەریان
بیرەوەری گوڵایەڵی دەبۆ و سوودی پێدەگەیەنێت
هەڵە و نوژە درێینەی لە بیر دەباتەوە
دەستێك لە گوڵانەوە ئاستگۆ و ناهەڵی وەخت بەسەرچۆ
نامەکانی دەخاتە پشتەوە
نامە هاتووەکانیشی وەردەگرێت
ڕەگا پڕچاوپڕچەکان هەموو شتێکیان پێدا دێت و تێدەپەڕێ
ڕۆژی هەمیشە بۆنخۆش بەشەقبوونی خاك
کاتێك دومبەڵان خۆی دەناسێنێ
لێدەگەڵ ئاقیق و نووسراوی ناوچەوانی هەر هەموو پێغەمبەرەکان
تێکەڵی بن
لە گەرمەی سەما و ناخ جریواندن و دیتەنی خودا
دڵی دەشوات و دەڵوا
پێ دەستمان کۆ شەکر و مۆری بەخت دەکات
دەتوانین کەلوپەل و وێنەی بەهرەمەندەکانمان بکڕین
دەستەسڵی تەنکیش لەگەڵ خۆمان هەڵگرین
بۆباکی بۆندبوونەوەی چنار
دەبێتە شۆنێك وەك قژاخەی ئاوریشم
جوانکراو بەسپێنەی هێلکە
ئاسوودە و پێ بەهرە و پەیماندار
هەموومان شەقامێکمان دەبێ تێیدا بچینە سەردانی خزم و کەس و
برادەرەکانمان
ڕۆژ کە ئاوا دەبێ
تەواو ئەڤینی خۆی کردووە
سێاو
سێاو پەیکەری پەروەردەی شیر و شەکری دایك و باوك و بارانی
سێبووری

تەگەیشتی بۆ جارێ نامری
ئەو دەرەختەی تۆ تێیدا گەشەت کردووە
دەبێتە دەرەختی بنەمایەی شیعر
ئەو هەموو وزەی تیشك و ئاو و پەین و ووخشی خۆەت پشکش دەکەین
کە خوداوەندی بەهرە و سرووش بسکاندوویەتی

کانوونی یەکەمی 2005 هەولێر

ژانی موورووی بەخت

گردکی پەرژینکراو بەهونەری دەستنووسەکانی پەیام
خودا هەمیشە دانیشتنە تایبەتییەکانی تێدا ئەنجام دەدات و
چاوەوانە گەورەتر بێت
دەرەختی زمانیش بەگۆپکەی نەکراوە لکی گران بوو
دەنگی پێغەمبەرەکانی لەوێ
یەك بەدوای یەك ئاوازدار کرد
دەستی بەوخساری سادەییماندا هێنا و قووڵاییمان درەوشایەوە
موورووی بەختی شت
دەوانەیەك لەسەر ناوچەوانی کە مۆسیقا و ئاوێنەیە بۆ ڕۆگاکان
ئاڵای ئاشقبوون و مشتوماڵکردنی یادداشتەکانی پیشان داین
بای بەزەبر و بێ پەرواشی هاهێنا
ئاراستەی تەواوی بخاتە سەر
بێ شەکاندنەوەی بەردەوام و پێوانەکردنی نازی چاوی باڵندەی سەر
هێلکە
چاوی لە گۆی سەیوان گۆپی هەنگاوەهنگ بوون
ئەوەی ئامانەتمان لای داناوە وەك سپێدەی ڕۆژی بەهار
چاکەی بێ هەموو کەس دەوێ
گەنجینە و خڕشانی لە سێبەری تەنکی کەلوویەك هەڵگرتەوە
پێش خۆی بەووونی بینی
زانی پێیەکانی لەسەر
کونی باڵەبان
تووڵەی شفتی
بۆکی گندرە
لاسکی لێبیا
چۆرمەی گۆڵ غەریب
قەڵەمکێشی ئەسپ
بریننی قوربانی
مەتارەی شوان

قەشی کوارگ
دانەت و گرەوەکانی کە باپیری لەگە نەوەکانی خی کردبوونی
بباتەوە
سز و بەهرەی بەهزی تدایە بە ناسین
شونی حەسانەوە زرن
بەرانبەریشی تابووت
مرق بەدکی خومار چاویلکەی فە دا و جوان خولیاکانی چاوی
جبەجە کرد
هیواکانی لەناو دانەنا
